# میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پڕاکتیزەکردنی لەشیعری ﴿فایەق بێکەس ) دا

ئامادەکردنی :( یوسف سەردار حمەامین )

خوێندکار لەبەشی کوردی زانکۆی گەرمیان کۆلێژی پەروەردە

**هۆكاری هەڵبژاردنی بابەتەكە** :كەمی لێكۆڵینەوەی زانستی لەم بوارەدا یان هەبوونی بەشێوەیەكی تاك و تەراو نازانستیانە ,هاندەری سەرەكی ئێمەبوو بۆئامادەكردنی ئەم توێژینەوەیە.وەگرنگی بابەتەكە وادەخوازێت كەلەچەند لایەنێكەوە لێی بڕوانین . بە پێی پێویستی بابەتەكە لەبارەیەوە بدوێین, بۆیە لەژێر ناونیشانی ( میتۆدی ڕەخنەی كۆمەلأیەتی و پڕاكتیزەكردنی لەشیعرەكانی ( فایەق بێكەس )دا ئەم توێژینەوەیەمان ئە نجامدا.

**پڕۆگرامی لێكۆڵینەوەكە** :ئەم توێژینەوەیە لەسەرەتادا باسكردنێكی پوختی ڕەخنەی كۆمەلأیەتیە دواتر دابەشمان كردۆتە سەر پێنج تەوەر كەهەرتەوەرێك دەقەشیعریەك لەخۆدەگرێت و لەچوار چێوەی میتۆدەكەدا شیكراوەتەوەو پڕاكتیزەكراوە.

**ئامانجی توێژینەوەكە :** لەم توێژینەوەدا ئامانجمان دەرخستنی بارودۆخی كۆمەلأیەتی سەردەمی شاعیرە, كە دەرخەری ڕەوش و ئاكار و ئەخلاقی كۆمەڵگەیە , هەروەها كاریگەر شیعرەكانی بێكەس لەخستەرووی گرفتەكان و چۆنیەتی چارەسەر كردنیان

**گرفتی توێژینەوەکە :** لەم توێژینەوەدا گرفتێکی ئەو تۆمان بە پێش نەهات جگەلەوەی کەهەندێ نامەی ئەکادیمی سەبارەت بەشاعیر نوسراون کەلەناوەندو کتێبخانەکانی زانکۆدان و پەخش ناکرێن لەرێگەی مەلپەرو گۆڤارەکانەوە, هەتاك و خوێنەرو توێژەر سودیان لێوەربگرێت.

## ( پێشەکی )

ئەم توێژینەوەیە هەولێکە بۆخوێندنەوەیەکی نوێی, چەند نموونەیەك لەشیعرەکانی بێکەس,بە پێی میتۆدی رەخنەی کۆمەلایەتی چوونکە رەخنەی کۆمەلایەتی گەڕان و بەدواداچوونە لەسەر پەیوەندی نێوان کۆمەلگاو ئەدەب بەدەر خستنی ئەو پەیوەندییەی لەنێوانیانداهەیە, رەخنەی کۆمەلایەتی لەرێگەی لێکۆلینەوەی ناوەڕۆکی کارەئەدەبیەکانەوە دەیەوێت هۆشیاری دەستە چین و گرووپە کۆمەلایەتیەکان دیاری بکات.

شاعیر هەولی داوە چین و توێژە جیاوازەکان و تاکەکانی کۆمەلگە هۆشیار و زرنگ بکاتەوە لەرێگەی دەقەشیعریەکانیەوە , بەهۆی ئەو رۆشنبیریەو پێگەیەی هەیبووە لەناو کۆمەلگەدا تاوەکو پێی کرابێت خامەکەی بۆخزمەتی نیشتیمانەکەی بەکارهێناوەو تناکە ئاواتی شاعیر سەربەستی گەلەکەی بووە و لەو پێناوەدا قوربانی زۆری داوەو چەندجارێك کەوتۆ تەزیندان

لە پێناو نەتەوەکەیدا کاتی ئەوەی نەبووە شیعرەکانی پڕبەدلْ برازێنێتەوەو خەمی ولاتەکەی وایکردوە شیعرەکانی زیاتر پەیامداربن. بۆیە ئەم توێژینەوەیە کە لەژێر ناونیشانی ( میتۆدی رەخنەی کۆمەلایەتی و پڕاکتیزەکردنی لەشیعرەکانی ( فایەق بێکەس )دایە بەشێکی بەرچاوی پارچەشیعریەکانی شاعیرلەخۆدەگرێت,هەروەها لەم توێژینەوەیەدا , میتۆدی وەسفی شیکاریمان پەیرەوکردوە.

## چەمك و پێناسەی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

لەڕاستیدا پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان ئەدەب و کۆمەڵگەدا هەیە, ڕەخنەی کۆمەلأیەتی لەگەڵ ئەوەی نوێیە, بەلأم لەڕوانگەی بیرۆکەوە زۆر کۆنە, بەوەی لێکدانەوەی ئەدەب و دیاردە ئەدەبیەکان لەو کۆمەڵگایانەی کەبەرهەمی دەهێنێت.

کەواتە ڕەخنەی کۆمەلأیەتی کار لەسەر دەق دەکات لەڕوانگەی کاریگەری و گوزارشتیان لە پێگە کۆمەلأیەتییەکەدا, بەو پێیەی دەق بەرهەم هاتویەکی کۆمەلأیەتیە , واتە پەیوەندی لەنێوان ئەدەب و کۆمەڵگەدا لەچینە جیاوازەکاندا درووستدەکات, بەمەش ئەدەب دەبێتە نوێنەری چین لەسەر ئاستی کۆمەلأیەتی نەك تاك, چونکە کۆمەڵگە بەرهەم هێنی فعلی کارە داهێنراوەکانە( ڕەخنەی ئەدەبی : لوقمان ڕەئوف.ل٢٠٤ )

هەندێ هونەری ئەدەبی لەبارەی ماهییەتەوە, زیاتر ماهییەت تایبەت مەندیەکی کۆمەلأیەتی هەیە, شیعری حەماسی و ئاینیلەدایك بووی ژیانێکی کۆمەلأیەتییە, بۆیە تایبەت مەندیەکی کۆمەلأیەتی هەیە مەدح و سۆز و بەزەیش خاوەنی ئاما نجێکی کۆمەلأیەتین و ئاما نجیان بریتیە لەوەی لەنێو چین و تاکە جیاوازەکاندا ڕەواج پەیدابکەن ,شیعری بنەماڵەو نەسەب و غەزەلیش ئەگەرچی تایبەت مەندییەکی کەسیان هەیە, بەلأم

بلاْو بوونەوەو ناوبانگ پەیداکردنی خۆی بەزەوق و پەیوەندی و هاوردەی کۆمەلاْیەتی قەرزارن( عبدالحسین زرین کوب: اشنایی با نقد ادبی ,ص٧٤ )

( ڕەخنەی کۆمەلاْیەتی بەشێك لەو دیاردە کۆمەلاْیەتی و گەندەلْییانە ئاشکرادەکات کەلە واقعی کۆمەلْگادا بوونیان هەیە و چارەسەرکردنیان ئەستەمە , پەشیمان دەبێتەوە ,کاتێك تیشك دەخاتە سەر دیوی نەرێنی ڕەخنەی کۆمەلاْیەتی,و بەیەك چاو سەیری کۆمەلْگا دەکات,خوێندنی ئەم بابەتە پێویستی بەگەورەیەکی گەورەیە هەولْدان بۆ ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەلْگاو گەیشتن بەو پاشخانانەی کە نووسەر لە ڕەخنەکانی لەکۆمەلْگاکەیدا لێیەوە دەستی پێکردوە ) نقد الاجتماعي عند "ابن خلدون" (سيمة قلاتي)ص (١) انها رسلة ماجيستير .٢٠١٥_٢٠١٦)

پەیوەندی کۆمەلاْیەتی و شیعر, یان ئەدەب , هەرلەژیانی سەرەتایی و لەکاتی کارکردندا , چ بەتراژیدی یان کۆمیدی ڕۆلْی خۆی هەبووە,دواتر بەهۆی پێشکەوتنی شارستانیشەوە ژیانی کۆمەلاْیەتی کاریگەری لەسەر چۆنییەتی سەرهەلْدانی شیعرو ئەدەبیات هەبووە,( هیران ) دەلْیْ هونەری ئەو گەلانەی کەلەسەردەمی شوانکاری ژیاون, کەمتر پەیوەستە بەژیانی کۆمەلاْیەتییەوە, چوونکە زۆربەی کات کاری ئەوانە لەیەکتر دوورو دابڕاو بوون,بەلاْم ئەوانەی لەسەردەمی کشتوکالْیدا ژیاون ,زیاتر تایبەت مەندی کۆمەلاْیەتیان هەیەو هونەریان ڕەنگ دانەوەی ئەم لایەنەیە.( عبدالحسین زرین کوب: اشنایی با نقد ادبی ,ص٧٤ )

پەیوەندی نێوان کۆمەلْگەو ئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆن (( کەمرۆڤ بەهۆی وێنە کێشان لەسەر دیواری ئەشکەوت و داهێنانی ئەفسانەوە گوزارشتی لەخۆی کردوە. ( حەمە مەنتك .ل٦٧ )) هەر لەسەرەتایی هاتنەکاییەوە هەستەکانی خۆیی لەڕێگەی بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە دەربڕیوەو کەئەمەش لەسەرەتادا کارێکی سەرپێی و ئاسان نەبووە , چوونکە هەروەك دەزانین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ و چۆنییەتی ژیانکردن لەگەلْ هەستەکاندا

یەکانگیردەبن و تاوەکو نوسەر شاعیر هەست و خەیاڵی دەرژێنێتە نێو پەڕەو دێتە کۆمەڵگاوە, هەروەها تراژیدیا یەکێکە لەهۆکارە دیارەکان کەهەستی نوسەر دەوروژێنێ.

بۆیە میتۆدی کۆمەلآیەتی( هەوڵی ئەوە دەدات کەئەدەب و کۆمەڵگە پێکەوە پەیوەست بکات و ئەوە بخاتە ڕوو, ئەدەب ڕەنگ دانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بەگشتی و نوسەر بەتایبەتیە, بۆیە لەو پەیوەندیە دەکۆڵێتەوە کەئەدەب بەکۆمەڵگا دەبەستێتەوە و هەوڵی ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەیان دەدات.( محمد مستەفا : ل.٢٩١ )

ڕاستە تاك بەرهەم و لەدایك بووی کۆمەڵگەیە , بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا هۆکاری گۆڕانکاری کۆمەڵگەشە , بۆیە وەلانانی تاك لە ڕەخنەی کۆمەلآیەتیدا , کارێکی گونجاو و درووست نیە, چونکە ئەگەر ڕۆڵی داهێنەرانەی تاك لەبەرهەمی ئەدەبیدا, لەڕۆڵی هۆکارە کۆمەلآیەتییەکان زۆرتر نەبێت , کەمتریش نییە.

ئەم میتۆدە ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەدەب و کۆمەڵگە گیانێکن و لەنێو لاشەیەکدا جێیان بۆتەوەو جیاکردنەوەیان لەیەك کارێکی ئەستەمەو ناکرێت , واتە ئەدەب بەبێ کۆمەڵگە بوونی نابێت و درووست نابێ وە کۆمەڵگەش بەبێ ئەدەب وەکو مرۆڤێکی بێ دڵ وایە دیارە مرۆڤی بێ دڵیش ناتوانێت ژیان بکات, وە هەمیشە ڕوانین لەبەرهەمە ئەدەبییەکان وەکو دیاردەیەکی کۆمەلآیەتی (( هەوڵێکە بۆ ئاشکرا کردنی دیوە شاراوەکەی بیرکردنەوە و دەق وەکو بەرهەمێکی کۆمەڵگە )).( حەمە مەنتك: ٢٠١٨ .ل٦٦ )

(( کە لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا دەکۆڵێتەوە یان ئەمزانستە کەوەکو دیاردەیەکی کۆمەلآیەتی لە ئەدەب دەڕوانێت, لێرەوە ئەدەب پابەند دەکرێت ,بەو هەلومەرجە کۆمەلآیەتیانەی تێیدا دەژیت. ( ئاسودە. ٢٠١١ ل١٢٦ )

دەتوانین بنەماکانی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەلآیەتی لەم خالآنە کورت بکەینەوە

**١_ ئەم میتۆدە بواری کۆمەلآیەتی بەسەرچاوەی واتا و نوسینی دەق دادەنێت ,گرنگی زۆر بە پەیوەندی نێوان ئەدەب واقعی کۆمەلآیەتی و شارستانی دەدات, واتا ئەدەب ڕەنگدانەوەی ئەو جیهانبینی و ململانێییە کەلە واقیعی کۆمەلآیەتیداهەن.( حمە مەنتك )**

**٢_( میتۆدی کۆمەلآیەتی ئەوەمان پی٘دەلێت چۆن نوسین سرووشتی کۆمەلآیەتی وەرگردوە.( هەمان سەرچاوە )**

**٣_ هەر وەك لەناوەکەیدا دەر دەکەوێت میتودی ڕەخنەی کۆمەلآیەتی لێکۆلێنەوە لەتاکەکانی کۆمەڵگەو پەیوەندیان بەئەدەبەوە ئاما نجی سەرەکێتی.**

**٤_( مرۆڤ لەنێو پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵدا دەژیت, بۆیە ژینگە کۆمەلآیەتیەکە کاریگەری لەسەر کەسایەتی و ئایدۆلۆژیای ئەو دەبێت. حمە مەنتك )**

**٥_ دەبێت دەق هەلگری پەیامی کۆمەلآیەتی بێت , پێویستەدەق لەواقیعی کۆمەلآیەتی بچێت**

**پێویستە ڕەخنەگری کۆمەلآیەتی , کاتێك شاعیرێك دەخاتە چوارچێوەی کۆمەلآیەتیەوە,ئەوە لەبەرچاو بگرێت,کە تا چەند ناوەڕۆکی دەقەکانی ئەو شاعیرە دەبنە هۆکاری ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگا(( میتۆدی ڕەخنەی کۆمەلآیەتی و پراکتیزەکردنی لەشیعرەکانی هێمن : تویژینەوە ))**

## *ڕەخنەگرتن لەململانێ و ناکۆکانی کۆمەڵگا:

یەکێك لەکێشە هەرە سەرەکییەکانی پێش نەکەوتنی میلەتان و نەتەوە جیاوازەکان بەتایبەتی نەتەوە دواکەوتووەکان, نەبوونی هەستی برایەتی و پێکەوە بوونە لەناوخۆی میلەتدا.وە نەبوونی قەوارەیەکی یەگرتوویی سیاسی و کۆمەلاّیەتییە.

بۆیەمیلەتی کورد بەدرێژایی مێژوو یەکێك بووە لەو میلەتانەی کەلەناوخۆی خۆیدا خۆخۆربووە و یەگرتوو نەبووە جالەڕووی سیاسیەوە یان لەڕووی کۆمەلاّیەتیەوەبێت

واتە چ لەئاستی سەرکردەو فەرمانڕەواکاندا یان لەئاستی تاکەکانی کۆمەلّ. بۆیە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەلاّیەتی ( پێداچوونەوە بەو ڕۆلّ و کارەی گوایە ناکۆکی و ڕکابەری نێوان چینەکان,نێوان هێزەکانی بەرهەم هێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان لەهۆشیاری و هەستی سیاسی و چینایەتی و کۆمەلاّیەتی چینی پرۆلیتاریا دەیکات ) ( عزیز ,٢٠١٤ ل.٢٦٠ )

میلەتی کورد بەدرێژای مێژوو چەندین جار توشی ناکۆکی و دووبەرەکی و بووە هەر لەسەردەمی میرنشینەکانەوەو دامەزراندنی کۆماری کودوستانەوە و تاوەکو ڕووخانی هەتاوەکو بەئەمڕۆمان دەگات .چەندین سەرگوزەشتەو چیرۆك سەبارەت ,بەناکۆکی و خیانەتی میلەتەکەمان لە پەڕاوەکانی مێژوودا بەرچاو دەکەوێت, ئەو ەتا : ( ئەحمەد پاشای بابان , ئاماژە بەوەدەکات و دان بەو ڕاستیەدا دەنێت وە بەگەڕیدەیەکی وەك ( کلۆدیۆس جێمس ڕیچ ) دەلّێت:( ئە نجامی دووبەرەکی میرەکا نمان تێدا چوونی خۆمانە,ئەگینا عوسمانی و ئێرانیەکان دەرەقە تمان نەهاتن گەر ئەم دووبەرەکییانەیان نەکردایەتە هەل و داردەست بەدەستیانەوە ) ( مێژووی پۆلی,١٢.ل/٧٩

بۆیەشاعیران هەر زوو هەستیان بەناکۆکی و خۆفرۆشی و دووبەرەکی میلەتی کورد کردووەو لەشیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە هەولّی چارەسەرکردنیان داوە لەڕێگەی ڕەخنەگرتنەوە

یان بەبلاّوکرنەوەی بەیاننامەو هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەلّ چوونکە ئەم هۆکارەیان بە پەتایەکی کوشندە داناوە لەبەردەم پێشکەوتنی میلەتەکەیان لێرەوە هەست بەوە دەکەین کەشاعیران هەولّی گۆڕانکایان داوە , بەم پێیەش: یەکێکی تر لەکارەنی ڕەخنەی

کۆمەلاّیەتی دەبێتە گەڕان بەدوای ئەو پەیوەندیانەی کەدەبێتە هۆی گۆڕانکاری کردن لە کۆمەڵگەدا. کەواتە ئەدەب ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیە.

بۆیە فایەق بێکەسی شاعیر سەبارەت بەدوودڵی دەڵێت:

لەشیعریی ( ئامۆژگاری بۆمیلەت )

دەڵێت:

(( دوودڵی مێقرۆبە ,خزمە ,عیلەتێکی کارییە ) دیوانی فایەق بێکەس. ل١٤ )

شاعیر ئەم شیعرەی لەساڵی( ١٩٢٨ ) لەهەولێر وتوە.

لێرەدا شاعیر دوودڵی بەمیکرۆب وەسف دەکات و پێی وایە دیاردەیەکی کوشندەیە.

لەنێوان تاکەکانی میلەتەکەیدا.

هەروەها لەجێگەیەکی تردا و لەشیعریی (دەردی دەروون) دا دەڵێ:

" قەومێ کەدائیم هەر هەوڵ بدەن

بۆئەوەی یەکتر بە ئەرزا بخەن

یا نەبێ لایان میللەت و وەتەن

ئایا مومکینە تەرەققی بکەن "

****************

" ئەوەی خائینی موڵك و میلەتە

دایم لەبەحری نازو نیعمەتە

هەروەتەن پەروەر غەرقی زیللەتە

خۆراك و خەوی دەردو میحنەتە"

"ئەجنەبی دەرحەق بە ئێمە باشە

ئەوی خرا پە هەر وەتەن داشە

کە بوو بەمەئمور ئەبێتە واشە

ئیمان و دینی تەنها مەعاشە"( دیوانی فایەق بێکەس.ل٤٤ )

دیسانەوە شاعیر لێرەدا باسی هەوڵەکانی کورد ئەکات بۆلەناوبردنی یەکدی و دووبەرەکی بۆئەوەی یەکتر بەئەرزا بخەن کەئەمەش زنجیرەیەکی نەبڕاوەی ژیانی کورد بووە چوونکە لەنێویەکتردا پاکیزە نەبوون هەروەك چۆن: لەسەردەمی ڕژێمدا , زۆربەی هاولاَتیان لەسەرو ماڵی خۆیان ترساون نەوەك و ( ئیخباری ) بکرێن جاسوسیان بەسەرەوە بکرێت بەتایبەتی ئەوانەی پشتگیری شۆڕش بوون ترسێکی زیاتریان هەبوو لەوەی ڕا پێچی دەزگاکانی ڕژێم بکرێن لەئە نجامی دووڕووی دۆستەکانیاندا, :

( داخی هەندێ کەس لەسینەمایە

ڕۆژی ڕەنگێکە وەك سینەمایە ) ( ل./٩٩ .دیوانی بێکەس )

(( لەبیستەکانی سەدەی بیستەم بەو لاوە کۆمەڵگەی کوردەواری لەبەر خرا پی و نائارامی بارە سیاسییەکەی لەبرودۆخێکی زۆر خراپ و دواکەوتودا دەژیا ))

( ئەرکی شیعر لەئەدەب کوردیدا .نەسرین ڕەئوف .ل.١٥٦ )

وە شاعیر ئەو ڕاستیە دەدرکێنێت کەئەوەی خۆفرۆشە, هەمیشە لەنازو نیعمەتەو ژیانێکی ئاسودە و دوور لەکێشە دەباتەسەر بێ ئەوەی کەس ڕۆژێ تانەیەکی لێبدا,بۆیە شاعیر بێگانە بەباشتر و پاکتر دەبینێ لەو جۆرەکەسانە چونکە نیازی بێگانە ڕوونە کەداگیر کارییە بەلاَم کەسە دووڕووەکان ,خۆفرۆشەکان , ئەوانەی لەسەرەوە دۆست و لەژێرەوە دوژمنن کەبوون

بەکاربەدەستێك یان پلەیەکیان وەرگرد, ئەبنە واشە بەسەرمیلەتەوە و ئیمان و دینیان ئەبێتە پارەو لە پێناویدا میلەتەکەیان دەفرۆشن.

وە شاعیر: لەشیعرە بەناوبانگەکەیدا , زۆربەوردی وەسفی کەسە ( دووڕوو, خۆفرۆش , کۆیلە, جاشەکانی ) ئەو ڕۆژگارەمان بۆدەکات , کەشاعیر بەوردی ئاگاداری ئەم شتانەبووە و هەوڵی داوە ئەو خووە خرا پە لەناخی تاکەکانی کورددا فڕێ بداتەدەرەوە, وەئەم شیعرەی شاعیرە نیشتیمان پەروەرەکەمان تاوەك و زیاتر بەسەرچێ زیاتر هەست بەتازەیی دەقەکانی دەکەین چوونکە ژیانی میلەتی کورد لەڕووی کۆمەلایەتی و سیاسییەوە گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردانەهاتووە,

کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد نۆکەری بێگانەیە

دوو دڵن پیسن لەگەڵ یەك ,بۆیە وابێ لانەیە

میلەتێکن بۆنەمانی یەك تری هەر هەوڵ ئەدەن

داخەکەم وردو درشتی شێت و شەیدای ئانەیە

سەنعەت و عیلم و مەعاریف زەڕیەك باوی نییە

پیاوەتی لایان بەتەنها چەفتەو جامانەیە

بۆقسەی زل بێ قسورن, باس کوردییەت ئەکەن

کورد یەت خورمایە بۆچی , باقسەی شێتانەیە

میللەتی بێ عیلم و ئەخلاق چۆن بەئیستیقلال ئەگا

واسیتەی بەرزی و تەرەققی هیمەتی مەردانەیە (( دیوانی فایەق بێکەس( ل.٢٤ )

شاعیر لێرەدا : بەدڵێکی پڕەوە تورەی خۆی بەرامبەر میلەتەکەی دەردەبڕێت و بێ هیوایی خۆی نیشان دەدات بەرمبەر تاکەکانی کۆمەڵگەکەیی ,لەوەی لەئە نجامی دوودڵی و دووڕووی و ناخ پیسیان ,بەرامبەر بەیەکتری هەرگیز بەهیواو موورادەکانیان ناگەن ,چ جا بگاتە ئەوەی

بیانەویٚ یەك بگرن و پیٚکەوە دووژمنەکانیان لە ولاٚت وەدەرنیٚن کەئەمەهەرگیز بەلای شاعیرەوە نایەتەدی هەتاوەکو خاوەنی میلەتیٚکی وەها دووڕوبیٚت ,کەبەیەك دوو ( عانە ) فریوی دەستی دووژمن دەخۆن, وەباسی کوردیەت و پیاوەتی تەنها لایان قات و جامانەیە کە ئەمەش دەرخەری دواکەوتویە بەوەی جل و بەرگ و پارە و مالٚ دەرخەری پیاوەتی و هەستی کوردایەتی بووە

وە دواتر دەلٚیٚت میلەتی بیٚ عیلم و زانیاری و بیٚ( مۆرالٚ ) چۆن بەرەو یەکگرتووی هەنگاو دەنیٚ, و کەنیشانەی گەشتنە بەسەربەخۆی و ( ئیستیقلال ) بەلکو ئەوەتەنها خەونیٚکە بەدەستی میلەتیٚکی , دووڕوو , خائین,خۆفرۆش کەهاتنە دی یەکجار ئەستەمە ( مارکس بۆململانیٚی کۆمەلاٚیەتی جەختی کردۆتەوەسەر دووسەرچاوە ئەوانیش,سەرچاوەی سیاسی و ئابوورین,سەرچاوەکانی دیکەی فەرامۆش کردوە ,ژیان کلتور ئاین, چوونکە بونیادی کۆمەلاٚیەتی لوسیستەمی ئابوری خیٚزانی و ئاینی و ژیاری پیٚکهاتووە ) ( خلیل,٢٠٠٩.ل .٨٩ )

ئەدەب چارەسەرکەری هەریەك لەم دیاردانەیە کە لە کۆمەلگەی کوردیدا بەتەواوەتی هەستی پیٚدەکریٚت, لەبەر ئەوەی کۆمەلگای کوردی( ( لەدۆخیٚکی کۆمەلاٚیەتی و گوند نشینیدا ژیاوە.سیستەمی دەرەبەگایەتی دەستی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا گردبوو, زولٚم و زۆرداری ئاغاو دەرەبەگ و چەوساندنەوەی ژیٚردەستەکانیان و زەوتکردنی هەموو ڕەنج و ماندوبوونیان کەلیٚنیٚکی زیاتری لەنیٚو تاکەکانی کۆمەلگادا درووست دەکرد و جیاوازی چینایەتی بەئاشکرا لەکۆمەلگەدا بەدی دەکرا. ( مەجید.٢٠١٩.ل.٨٥ )

یان کەبەدلٚیٚکی پڕەوە لەشیعری بیٚزاریدا دەلٚیٚت :

"بەدووڕووی و درۆو ساختە گەلیٚ کەس پیٚگەی ,ئەمما

منی ( بیٚکەس )لەسەر ڕاستی بەدئیم گیرەوەی حەپسم" ( دیوانی بیٚکەس.ل.١٠٨ )

هەروەها و شاعیری گەورەی نەتەوەکەمان , لەشیعری ( خواکیٚو نەبینیٚ ,بەفری تیٚ ناکا )

دیسانەوە باس لەخۆخۆری و دووڕوویی دەکات , بەلاٚم لەم شیعرەدا جیاواز لەشیعرەکانی تر,

شاعیر تاڕادەیەکی زۆر بێ هیوای و بێ ئەمەلی لەدێڕەکانی نێو شیعرەکەیدا بەدی دەکرێت , کەدەڵێ ( خواکێو نەبینێ ,بەفری تێ ناکات ) ئەمە ئەو پەڕی بێزارییەتی لەمیلەتەکەی کەلەوماوە ژیانی تێدا گووزەراندوە و ( تەجروبەی ) کردوە هەستی بەو کردە ناشیرینەکردوەو تەواو پەرێشان و پەستی کردوە,

" ئەگەر چی ئێمە قەومێکی زۆرین

بەلاّم داخەکەم چەوت و خۆخۆرین

بۆیە والەژێر چەپۆکی زۆرین"

"بۆکوشتنی یەك گورج و بەکارین

ڕۆژێ دەسمان بێ بڵح و زۆردارین

لە پێویستی دا وەك ژن هەژارین"

ئەزانی بۆچی واکورد زەلیلە

بێ ناو نیشان و هەمیشە دیلە

چوونکە دوودڵ و خام و بەخیلە

کاکە خۆا ئیشی نابەجێ ناکا

تاکێو نەبینێ بەفری تێ ناکا.........( دیوانی فایەق بێکەس. ل.٦٦ )

هەروەك لەم دێڕانەدا دەردەکەوێت,شاعیر باس لەزۆری ژمارەی تاکەکانی میلەت دەکات کەنەتەوەیەکین ژمارەمان کەم نیە بەڵکو دەردێکی ترمان هەیەو لاوازی کردوین ئەوەش وای کردوە هەمیشە یەکگرتوونەبین و دژی یەکبین ئەمەش سودی بەدووژمنانی میلەتەکەمان گەیاندوەو وایلێ کردوین لەژێرچە پۆکی دڕندەکلنی مێژوودابین,

وە شاعیر زۆر بەجوانی دەڵێ : بەس بۆکوشتنی یەك گورج و بەکارین, دەنا دژی بێگانە دەستەوەستانین, وەگەر لەناوخۆدا دەستمان بڕواتو خۆمان وڵات بەڕێوە بەرین ئەوا زۆردارین و زوڵم و ستەم لەیەکدی دەکەین,قورسای دەخەینە سەرشانی یەکتری, ئەمە لەکاتێکدا خاوەنی هیچ شتێك نیمان و لە پێویستیدا وەك ژن هەژارین , ئەو شتەی هەمانە لەنێویەکدا دابەشی ناکەین و خزمەتی بێ گانەی پێدەکەین.

## *ڕەخنەگرتن لە کچان و ئافرەتان:

خەباتی ڕۆشنبیری کورد بە شێوەیەکی گشتی لەماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا زۆر دژوارو سەخت بوو,دۆزی کورد وەکو ئێستا لەسەر ئاستی جیهان نەناسرابوو, دابەشکردنی کوردوستانیش لەهەنگاوی یەکەمی کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا ئەوەندەی تر قورسایی خستەسەر شانی دڵسۆزان و کورد پەروەران,

لەو سەروبەندەدا ( منەوەران )بانگی ئازادی و دروشمی ( حقوقی میللی ) یان بەرز کردبووەوە,شیعریش وەك بەشێکی کاریگەرو زیندووی ئەو ئەو خەباتە سەختە لەڕیزی پێشەوەی شۆڕشگێڕاندا وەستابوو, ئەرکێکی فرەلایەنە لەئەستۆی شیعر بوو, ڕادەی ئاستی نزمی ڕۆشنبیری خەڵکی بەگشتی مایەی خەم و نیگەرانی شاعیرەکان بوو,بێکەسی شاعیر لەئاستی خۆیەوە لەو ڕۆژگارە تاریکەدا مەشخەڵی کۆمەڵێ هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەبوو, ئازایانە,بوێرانە,جەختی لەسەر هەڵوێستی خۆی دەکردەوە

لەکۆمەڵگەی کوردیدا ژن , پێگەی تایبەتی خۆیان هەبووە, چ لەڕووی کاروباری ماڵەوەو پێگەیاندن و بەخێوکردنی منداڵەوە چ لەڕووی ئەوەی شان بەشانی پیاوان خەریکی کارکردن بوون ,چوونکە زۆربەی میلەت لەکاتەدا دێنشین بوون و خەریکی بەخێوکردنی مەڕوماڵات و کشتوکاڵکردن بوون.ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە تاڕادەیەکی زۆر لەخوێندن دابڕدرێن , بۆیە لەو سەرووبەندەدا بێگوومان لەڕۆژگارێکی وادا ئەستەم بووە, کەکچان بتوانن شان بەشانی کوڕان بخوێنن , لەلایەکی تریشەوە دابونەریتی کۆمەڵگە ڕێگەی بەوەنەداوە کەکچان سەربەست و ئازادبن لەوەی فێری خوێندەواری و نوسین بن .

(( کچ لەجیاتی خوێندن و خوێندەواری لەسەرەتایی توانایدا, پیشەسەرەتایەکانی درەو و دەشت وکێڵگەیان پێ ئەسپاردن,وەکو بژار , پاچەکوڵە ,مەڵۆکردن,کێشە, نانو چا دورووستکردن, کەمتر بەتەنگ خوێندن و ڕۆشنبیری کچانەوە ئەهاتن )) ( بورهان قانع.١٩٧٩\ل.١٣ )

بۆیە ( ژن, کچ, ) لایەنێکی شیعرەکانی فایەق بێکەسەو لەزۆر لەلایەنەکانەوە لەشیعرەکانیدا بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە,چ لەلایەنی کارو خەبات و هاوشان بوون بێت یان لەلایەنی جوانی و خۆشەویستی بێت, کەهەوڵی داوە دەست بۆکەموکورتییەکان بەرێت و هەوڵی چاککردنیان بدات لەڕێگەی ڕەخنەکانییەوە ناتەواویەکان چارەسەربکات,بەئاگاهێنەرەوەی کچان و ئافرەتانی میلەتەکەی بێت هەتاکو شان بەشانی ئافرەتانی دنیا هەنگاوبنێن بۆ پێشکەوتن.

(( جابۆیە شیعری کۆمەڵایەتی لەو ڕۆژگارەدا ئەرکی هاندانی ئافرەتی کوردی بۆداواکردنی مافەکانی لەسەربەخۆی و ئازادی و ڕادەربڕین و چوونە ناو خەباتی ژیان و تێکۆشان شان بەشانی پیاو لەمەیدانی ژیاندا,بینیوە بێکەس ناوی ( نەسرین ) وەکو ڕەمزێك بۆبانگەشەی کچی کورد بەکاردێنیٚ و پێی )) ( ئەرکی شیعر لەئەدەبی کوردیدا : نەسرین ڕەئوف .ل./١٥٩ ) دەڵیٚ

"نەسرین دەمێکە داخت لەدڵمە

گیرۆدەی بەندی, ژیانت زوڵمە

وا من پێت ئەڵێم چونکە لەسەرمە

هەستە تێکۆشە تاخوێنت گەرمە

سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە"

لێرەدا لەم کۆپلە شیعرەدا وەك دەردەکەوێت شاعیر ڕوودەکاتە , کچێك بەناوی نەسرین کە پێدەچێ خۆشەویستی بێت و لەئە نجامی حە پسی و بەندی دابونەریت نەتوانێت بەئازادانەوە چاوی بە دولبەرەکەی بکەوێت, بۆیە شاعیر ئەمە دەبەستێتەوە بە دواکەوتوی کۆمەڵگەوەو دەڵێ تێبکۆشە تاکو گە نجی و خوێنت گەرمە, سەرپۆش فڕێدە چ وادەی شەرمە,

هەندێ لە نوسەران ئەم شیعرە دەبەستنەوە بە ( چەمکی ئێرۆتیك ) کەلەڕاستیدا ئەگەر وردبینەوە لەناوەڕۆکی شیعرەکە ئەوە دەبینین کەشاعیرو ئەوەندەی جەخت لەسەر پێشکەوتنی کچان و ژنان دەکات, تاوەکو هاوشانی میلەتانی دنیا هەنگاوبنێن.

نیو ئەوەندە شاعیر باسی ئێرۆتیکی نەخوڵقاندوە.

بەڵگەشم بۆئەمە ئەوەیە شاعیر لەدێڕەکانی تری هەمان شیعردا دەڵێت:

ئەمڕۆ زەمانی عیلم و عیرفانە

عالەم شەو ڕۆژ والەفرمانە

( فەرقی نێر و مێ نیە بیزانە )

لێرەدا شاعیر لەو ڕووەوە, باسی ئافرەتی کردووەکە ,هەوڵدانە بۆبەدەست هێنانی زانست و زانیاری, وەفەرق و جیاوازی لەنێوان نێرو مێدا بەدی ناکات لەڕووی ڕا پەڕندنی کار و هەوڵدان بۆسەرخستنی میلەت شان بەشانی پیاوان.

وەك چۆن لەم کۆپلەیەدا دەڵێت:

"مەڵێ من کچم, تۆش وەکو منی

**موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی**

**مەجبووری ئیش و خزمەت کردنی"**

**کەلێرەدا شاعیر کچان بەهاوشانی کوڕان دەزانیٚ و ئەوانیش وەکو پیاو موحتاجن بەخوێندن و ئیش و خزمەتکردن. لەو ڕووەوە دەڵیٚ سەیری کچانی میلەتانی تر چۆن زرنگ و وریاو جەربەزەن ( کچی بێگانەت خۆلەبەر چاوە )**

**وە کچێك کەعیلم و زانیاری نەبێت بە ( دیل و زەبوون ) وەسف دەکات.**

**وە شاعیر لەم دێڕنەدا تەنها نیازی وایە تاکەکانی میلەت ڕۆشن فکرو وریا بکاتەوە, لەبارەی ئەوەی شان بەشانی میلەتانی تر بەتایبەتی ڕۆژئاوا هەنگاو بەرەو پێشکەوتن بەرن.**

**وەدەکرێت مەبەستی شاعیر لەبردنی ناوی ( نەسرین ) ناوێکی تایبەتی نەبێت بەڵکو دەکرێت ناوێکی گشتگیر و خوازەیی بێت کەشاعیر بەرامبەر تاکەکانی کۆمەڵ و بەتایبەتی, کچان بەکاری هێنابێت, وەمەبەستی لەم وشانەو ڕەخنەگرتنانە لەکۆپلەی کۆتای یەکلای دەکاتەوەو دەڵێت:**

**( وەك خوشك و برا ئەبیٚ هەردووکمان )**

**قۆڵی لیٚ هەڵکەین بچینە مەیدان**

**( تا کورد بەرینە ڕیزی میلەتان )**

**لەو دوو دێڕەی نێو کەوانەکەدا کەدەستنیشا نمان کردوە شاعیر نیازی ئاشکرادەکات کەمەبەستی ئەوەیە, وەك و خوشکو برا هەموو پێکەوە هەنگاو بنێن بۆسەرکەوتن و سەرخستنی میلەتەکەیان. وە کوردبەرنە ئاستی میلەتان.**

**( کاری شاعیر لەم شیعرەدا, چەند داوایەکە: پێویستە ئافرەتی کورد خاوەن کەسێتی و مەعنەوی خۆی بێت و وەك عالەم و پیاوان ڕۆژانە لەهەوڵە زانستی و فیکری و مەعریفەکاندابێت و کۆتی زنجیرو زۆڵم بپچڕێنێت, وەپێویستە ئافرەتی کورد بەرامبەر**

به پیاو هەست بەلاوازی نەكات  لەكار و ئیش و خوێندنەوەدا هیچ جیاوازییەك لەنێوان نێر و مێدانییە ,

پێویست ئافرەتی كورد بەرامبەر ئافرەتی بیٚگانە هێز بداتەوە بەرخۆی, پێویستە ئاف رەتی كورد ئەو هەستەلا درووست بێت كەمیلەتەكەی كێشەی جوگرافیا و نەتەوەی و سیاسی هەیە , پیاویش بەتەنهاو دوور لەزانست و ئافرەت ناتوانێت میلەتەكەی بەرێتە ڕیزی میلەتە سەربەخۆكانەوە )( گۆران هەندێ ڕوانگەی ڕەخنەی سەبارەت بەكۆمەڵگا/ توێژینەوەیەكە )

## *ڕەخنەگرتن لەمەلاو شێخەكان و پیاوانی ئاینی

لەئەنجامی پشێوییە سیەسیەكان و بێ هەڵوێستی میلەت و سەرانی میلەت و كاربەدەستان و نەبوونی دەستێكی كاریگەر كەببێتە ڕێنیشاندەری تاكەكانی كۆمەڵگە تاوەكو وشیار ببنەوە لەوەی داوای مافە ڕەواكانیان بكەن و یاخی ببن لەم هەموو زوڵم و ستەمەی لێیان دەكرێت,تاوەكو كوردیش هاوشانی نەتەوە دراوسێكانی هەنگاوبنێ و كۆمەڵگایەكی هۆشیارو زرنگ بێنێتە بەرهەم و لەدیلی و ئەسارەت قوتاربن,

بێكەسی شاعیر ئەمجارەیان ڕوودەكاتە پیاوانی ئاینی و ڕەخنەیان لێدەگرێت لەوەی بۆچی لەسەر مینبەرەكانەوە خەڵكی وریاناكەنەوە, لەوەی داوای مافەڕواكانی خۆیان بكەن چوونكە پیاوانی ئاینی هەمووكات پێگەی تایبەتیان هەبووە لەناو میلەتی كوردا, بەحوكمی ئەوەی كورد نەتەوەیەكی موسڵمانە. هەر بۆیە پیاوانی ئاینی خاوەنیڕێز و خۆشەوستیەكی زۆربوون لەلای میلەت و داوایان ڕەت نەئەكرایەوە,(( هەركۆمەڵگایەك,كلتورێكی هەیە. لەنەتەوەیەكەوە بۆنەتەوەیەكی تر گۆازراوەتەوە ,ئەم كلتوورە,دامەزراوە مەزهەبییەكان, زمان, بەهاكان , باوەڕەكان,یاساو نەریتەكانمان دەگرێتەوە )( شەریف.٢٠١٠ :ل/٤٢ )

بۆیە بێكەس ڕووی دەمی دەكاتە مەلاو شێخەكان و بەدیدێكی تەواو ڕەخنەیانەوە , هەموو قسەنەوتراوەكانی نێودڵی هەڵدەڕێژێت بەبێ ئەوەی ترسی لێ بنیشێ ئاماژە بەدەنگانێك

دەكات كەنابێت كپ و بێ دەنگ و بێ هەڵوێست دابنیشن بەڵكو پێویستە ڕێنوێنی كۆمەڵگە بكەن بۆئاستێكی باشتر لەو حاڵەی كەتێیدان.

بێكەس لە پارچە شیعری ( ئاخ مەلا )دا دەڵێت:

" هەردوو گوێم پڕبوو باسی وەعزو سەرفیترەو زەكات

هەر هەواڵی حەشرو نەشرم پێ ئەڵێی تاكو مەمات

بەسیە لەم مەوزووعە لادە فێری نوێژبوو كائینات

ئەی مەلا تۆبێ خوودا لەم فكرە كۆنە لابدە

فەننی تازەم پێ نیشاندە بۆ تەرەققی و ڕێی نەجات" ( دیوانی بێكەس .ل.٧٩ )

لەم كۆپلە شعریەدا ئەوە ڕوونە كەشاعیر لەباس و خوتبەی مەلاكان بێزاربووە, چوونكە تەنها باسی لایەنی دینیان كردوە و وەكو نوێژو سەرفترەو زەكات, وەلایەنەكانی تریان پشتگوێ خستوە وەك و وریا كردنەوەی خەڵك تاوەك و داوای مافەڕەواكانیان بكەن و یاخی بین لەجەورو ستەمی بێگانە, وە بەملاكان دەڵێت كەلەباسی فێر كردنی نوێژ بوەستن و كاتی هۆشیاركردنەوەی میلەتە بۆ ڕێگای نەجات, وەداوای فكرەیەكی نوێدەكات لەمەلاكان وەكو ڕێنیشان دەرێك بۆڕێگای سەركەتن و ژیانێكی ئازادانە دوور لەكۆت و بەند.

وە شاعیر ئەوەنا شارێتەوە كە پیاوانی ئاینی ژیانێكی خۆش بەسەردەبەن هەر خەریكی خواردن و خەون, بۆیە ئاگایان لەمیلەتەكەیان نەماوەو بێدەنگیان هەڵبژاردووە چوونكە ئەوان ژیانیان بێكێشەیە, بۆیە دەڵێت:

"چاو لەدەقنە و نانی ڕاتوومەبڕە دائیم مل قەوی

خوابەلاّت لێ لادا هەتاكو كەی وا لەخۆراك و خەوی

تەمبەڵی, مردووت مرێ بەسیە لەكن خۆت پێشڕەوی

هەستە تەشویقێ بكە بۆئیشی دینی و دینەوی" ( دیوانی بێكەس .ل.٧٩ )

وەباسی ئەوە دێنێتە کایەوە لەم ڕۆژگارەدا هەرکەس مێزەری مەلایەتی کردەسەر گەر نەزانیش بێت یان مەلاش نەبوو ئەوا بەعالم سەیردەکرێت, وەهەموو میلەت دەبێتە نۆکەری و گوێڕایەڵی دەکەن,

"هەر کەس هەستاو بەساختە مێزەری نایە سەری

عالمەو مەسمووعە قەولی گەرچی کەربیٚ و سەرسەری

حاسڵی خاڵقی ئەبێتە نۆکەر و عەبدو کەری" (دیوانی بێکەس .ل.٨٠)

وەداوادەکات لەمیلەت وەك چۆن ئەورووپییەکان ( پا پا )یان تەمبیٚ کردو گوێیان لیٚ نەگردو دەستیان دایە عیلم و فەن و دەستیان کردە پێشکەوتن و مۆبایل و کەشتیان درووستکرد, بەردەوامیش هەرلەهەوڵدان تا بە پێشکەوتنی زیاتر هەنگاوبنێن

" ئەو رووپا پا پای تەمبیٚ کرد, دەستی دایە عیلم و فەن

بیٚ تەلە و کەشتی درووستکرد, دائیمی هەر هەوڵەدەن" (دیوانی بێکەس .ل./٨٠)

وە داوالەخوا دەکات ڕزگارکەرێك بنێرێت تاوەك و لەدەستی ئەم مەلایانە ڕزگاری بێت, کەهیچ هەڵوێستێکیان نیە بەرامبەر پێشهاتەکان و ئەو دەردەسەرییانەی ڕوویان لەمیلەت کردوە , بەڵکو شاعیر ئەم جۆرە لەمەلا یانە بەبار دەبیتێت بەسەر میلیلەتەوە.

" خوایە یەك ( لووتەر ) بنێری بۆ گەلی کوردی فەقیر

بانەجاتی دا لەدەستی مەلاو شێخان و پیر

ئەم شەوی دەیجوورە تاکەی ؟ دەرکەویٚ ڕۆژی مونیر

( عارەبیش )ش وابوو نەحاکم, ئێمە هەر دیل و ئەسیر" (دیوانی بێکەس .ل./٨٠)

مەبەستی شاعیر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کەباسی ( لووتەر ) دەکات ئاماژەیە بە ( مارتین لووتەر کینگ ) کەڕۆشت جەهەنمی بە ( پێنج ) سککە لە کشیشەکان کڕی و بەخەڵکی وت, ئەوەمن ئیتر جەهەنمم کڕیوە و ڕێگە بەکەس نادەم یان کەس ناخەمە جەهەنم و تازە کڕیم

بۆیە بەم پێیە ئێوە هەمووتان دەچنە بەهەشت, بۆیە ئیتر پارەمەدەن بە ( پاپا ) یانە بۆکڕینی بەهەشت, لێرەوە خەڵکی وریادەبێتەوە لەوەی کە جەهەنم و بەهەشت بە پارەنین .

"لای مەلا وایە کەجەنەت تەکیەو لات خانەیە

جێی مورید و شێخ و سۆفی, ئەلجەئی دێوانەیە

غەیری ئە قیسمانە باقی کافری بتخانەیە

موختەریع , عالەم ,مونووەر پەشمەلای ,ئەفسانەیە" ( دیوانی بێکەس .ل.٨١/ )

ئەم ڕەخنە توندەی شاعیر دوو: لایەنی لێ ئەبێتەوە یان ئەوەتا مەلاکان لەسەردەمەدا کەم تەرخەم بوون. یان ئەوەیە : فایەق بێکەس وەکو کوردێك ئاینی ئیسلامی پێ هەزم نەکراوە, بەحوکمی ئەوەی قورئانی پیرۆز بەزمانی عەرەبی دابەزیوە وە شاعیر باوەڕی وابووە ئەم دینە دینی کورد نیەو کورد وەری گردوە لەنەتەوەیەکی تر کەئەم بۆچوونە زیاتر زەق و دیارە لە شیعەکانی دا ڕەنگی داوەتەوە : ئەحمەد هەردی شاعیر لەیادگاریەکانیدا دەگێڕێتەوە کەشەوانە لەگەڵ فایەق بێکەس یەکتریان بینیوە لەچاخانەی ( حەمەڕەق )

دەگێڕێتەوزە کە ئەو شەوەفایەق بێکەس خەمبار و پەست بووە , چوونکە هەندێ حاجی پێیان وتوە, ئەوە تۆ ئەم کورد کوردەت لەچیە بۆئەتەوێ تەفرەقە بخەیتە ئەم دینەوە ئێمەی کورد دینمان لەعەرەب وەرگردوەو خزمەتکاری عەرەبین و ئەوان خاوەنی دینەکەن . ئیتر تۆ بۆ چی وا ئەکەی؟

. ئەحمەد هەردی دەڵێت :لەئە نجامی ئەمەوە ( بێکەس ) لەو چاخانەدا ئەم چوارینە دادەنێت و دەڵێت:

" ئەگەر ئەم دینە دینی عەرەب بێ

یانی خاڵی لەزەووق و ئەدەب بێ

حاشا سەد حاشا من قەت نامەوێ

باجێگام جێگای ئەبی لەهەب بێ"

تێبینی: ئەم پارچەشیعرەو گێڕانەوەی سەرەوە لەدیوانی فایەق بێکەسدا نیەو ئەحمەد هەردی شاعیر وەك یادگاری گێڕاویەتییەوە . سەرچاوە ( مەڵپەڕی کلتور/ ئینتەرتنێت )

هەروەها شاعیر لە پارچەشعرێکی تریدا ڕوودەکاتە شێخەکان و دەڵێت:

"شێخ ئەگەر سەد کەس بەخەنجەر لەت بکا بەئسی نیە

( ) بکا ,تالأن بکا,کوشتاربکا , ترسی نیە" ( دیوانی بێکەس .ل./٨١ )

"مامە سۆفی وای تەمایە هەر بەڕیشی پانەوە

قەسری بۆحازر کرابێ پڕ بەحۆری جوانەوە

ئەو ئەڵێ جەنەت بەڕیشە نەك بەهۆی عیۆفانەوە" ( دیوانی بێکەس .ل./٨١ )

شاعیر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە شێخ و مەلاکان هەرشتێك بکەن , لەلای کۆمەڵگە پیاو خراپ نابن و هەر دیاردەیەکی ناشرین بکەن کەس دەغڵیان ناکات, وە دەڵێت لای سۆفیەکان وایە چوونە بەهەشت بەڕیشی پانەو بەهۆی ڕیشەکەیەوە کۆشك و قەسری ئەدەنێ لەبەهەشتدا, لەگەڵ حۆری جوان, وەلایان وایە مرۆڤ بەڕیشەوە دەچێتە بەهەشت نەك بەهۆی دانایەوە

شاعیر لەم کۆپلەی کۆتایدا وەلأمیان دەداتەوەو دەڵێت:

"چاوەکەم بەخوا خەیاڵتان خاوە چاکی تێبگەن

خوا یەکێکی خۆشەوێ دانا بێ ساحیب فیکرو فەن

ئیسفادەی بۆبەشەربێ, خادیمی موڵکو وەتەن

های هوویی بێ سەمەر هەر کردەوەی شێتانەیە" ( دیوانی بێکەس .ل./٨١ )

## *ڕەخنەگرتن لەچەرخی فەلەك و ڕۆژگار.

ڕەخنەگرتن لەو ڕۆژگارەی شاعیری تێدا ژیاوە,دەرخەری ڕۆژگارێکی پڕلەجەورو ستەم وناعەدالەتی و ناڕازی بوونی شاعیرە لەتەواوی ئەڕووداوانەی کەلەدەورووبەری ڕوودەدەن, هەروەك دەزانین,دەنگی شاعیرو نوسەران دەنگی تاکێکن لەکۆمەڵگە, چوونکە شاعیریش وەکو هەرمرۆڤێکی تر,کۆمەڵێك دیاردەو ڕووداو هەستەکانی دەبزوێنن و وای لێدەکان ئەوەی لەواقعدا هەستی پێدەکات لەگەڵ دەروون و هەستی ئاوێزان بن و دەقێکی شیعری جوانی لێ بەرهەم بێت, یان پەیامێکی شارەوەی بۆمیلەتەکەی تێدا هەڵگیرابێت.

چوونکم شاعیران ئاواتە خوازن میلەتەکەیان سەربەرزو سەربڵند بێت و باڵی ئارامی بەسەر ولآتدا باڵ بکێشێ,ئەدەب ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیە بەم پێیە, ئەرکی کۆمەلآیەتی شیعر بریتییە لە وێنەگرتنی ئێش و ئازاری خەڵکەکە بەگشتی کەهەموو میلەت پێی کاریگەر دەبن, (( ئەو پەیوەندییەی شیعر بەکۆمەڵەوە دەیبەستێتەوە کەلایەنێکی گرنگی کێشەی هەڵوێستە , لەقۆناغەکانی گۆڕن و پەرەسەندنی شیعردا, چەند بۆچوونێك درووست بووە یەکێکیان لەچوارچێوە کۆمەلآیەتیەکەوە دەڕوانێتە شیعر کە پێویستە ڕەنگدانەوەی سەردەمەکەی خۆب بێت, خاوەنی ئەو بیرو ڕایەش لەو تیۆرەدا خۆیان دەدییەوە کەشیعریان بەژیانەوەدەبەستەوە ))( هەڵوێست لەشیعری کوردیدا, قومری سەعید عەزیز: نامەی دکتۆرا,/ل,٢٢ )

" بڵێم چی لەگەڵ ( چەرخی ) ئەفلاکا

سەیریکە چۆن چووین بەناخی خاکا" ( دیوانی بێکەس,ل.٦٦ )

شاعیر لەشینی ( مستەفا مەزهەردا ) لە پارچەشیعرێك کەساڵی( ١٩٤٦ ) نوسیویەتی , ڕوودەکاتە , چەرخی فەلەك و دەڵێت:

دەك فەلەك چەرخت شکێ گشت کردەوەت خو نخوارییە

بۆچی تەبعت واهەمیشە مائیلی غەددارییە

**ڕۆژنییە ئەم خەڵقە تووشی شین و واوەیلانەکەی**

**شەونیە عالەم ڕەحەت بێ, هەر لەگریەو زارییە........( یوانی بێکەس.ل.١٠٩ )**

**وەکودەردەکەوێ لەم شیعرەدا فایەق بێکەس خەمبارە بەمردنی ( ڕۆژنامەنوس و پەروەردەکار)ی گەلەکەمان مستەفامەزهەر, کەبەهۆی ئەوەی نەخۆشەکەوێت , ساڵی ١٩٤٦ نەشتەرگەری بۆدەکرێت و لەئە نجامدا نەشتەرگەریەکەی سەرناگرێت و کۆچی دوای ئەکات.**

**بەهۆی مردنی کەسێکی واوە بێکەس ڕووئەکاتە چەرخی ئەفلاك و شکاتی دڵی خۆی ئەکات.**

**هەروەها بێکەس لەشیعری ( گفتوگۆ لەگەڵ زەمانەدا ) دەڵێت:**

**"ئەی زەمانەی بێوەفا تاکەی لیگەڵما خائینی**

**دائیمەن ناڕێك و چەوت و عەکسی ئامالی منی**

**موددەتێ لای خۆت لەگەڵما وەك برا بووین ئەی زەمان**

**حاڵی حازر لێم بەری بووی, ناحەز و هەم دووژمنی" ( دیوانی بێکەس .ل.١٣٢ )**

**دیارە ڕۆژگاری شاعیر نالەبارو نا پوخت بووە,کەوتۆتە ناو دەریای خەم و کەسەر کەبەجۆرێ لەگەڵ زەموندا بەدایم دژی یەکترن و زەمەن لەگەڵیدا خوارە,لەکاتێکدا موودەتێ وەکوبراو هاوڕێ پێکەوە هاوشان بوون کەچی ئێستا خەم و ناسۆر یەقەی گردوەو زەمانەی لەگەڵدا گۆڕاوە و دۆستەکەی لێ بووە بەدووژمن.**

**هەروەها لەشینی ( محەمەد ئەمین زەکی بەگ ) کە پارچە شیعرێکەو ساڵی ١٩٤٨ خوێندویتیەوە دەڵێت:**

**"بەڵێ زەمانەی چەرخی کەچ ڕەفتار**

**والێمان بۆتە دوژمنی خوێنخوار**

**دایم خەریکەو بۆهەل ئەگەڕێ**

زیانێ بدا لەکوردی هەژار".... (دیوانی بێکەس . ل. ١١٠)

بێکەس لەشیعرێکدا بەناوی( شینی مەحمود جەودەت) کەیەکێك بوو لەڕووناکبیرانی سەردەمی خۆی وە پلەی ئەفسەر بووە, بەداخەوە بەهۆی مشتومڕێکی لەگەڵ لێ پرسراوی بەڕێوبەرێتی خانەنشین. لەئە نجامی ئەو مشتومڕە مەحمود جەودەت لێپرسراوەکە دەکوژێ و بەو هۆیەوە لە تشرینی دووەمی ١٩٣٧لەسێدارە دەدرێت.

بێکەس دەڵێت:

(وەتەن هەڵڕێژە ئەشکی خوێنینت

بابەرزبێ سەدای شین و ناڵینت

گوێی فەلەك کەڕکا فەریاد و شینت

تاریك و لیڵ بێ ئاسمانی شینت).............. (دیوانی بێکەس.ل.٢٠)

(بەم پێیەش ڕەخنەگرتن و دەست نیشان کردنی ناتەواویەکان. دانانی ڕێگە چارەی دەربازبوون,بەشێوەیەك لەگەڵ ڕۆژگارو سەردەمدا بگونجێت, ئەم شیعرانەشاعیردەخەنە چوارچێوەی ڕەخنەی کۆمەلآیەتیەوە.)( میتۆدی ڕخنەی کۆمەلآیەتی لەشیعری هێمن/تویژینەوە)

## *ڕەخنەگرتن لەنەزانی و دواکەوتووی میلەتی کورد

دوای دانان بەحوکمەتی کوردیدا لەلایەن بەریتانیاو عێراق لەڕێکەوتی( ١٩٢٢/١١/١٠)

ماوەیەك کۆمەڵگە هەست بەشادی دەکەن بەلآم ئەم ئاواتەی گەلی کورد زۆری نەخایاند کاتێك شێخ مەحمود دوورخرایەوەو ڕێکەوتنەکە هەڵوەشایەوە.

کەم تازۆر شاعیران هەستیان بەم فرو فێڵەی دووژمنان کردبوو, فایەق بێکەس یەکێك بوو لەو شاعیرانەی,ئامۆژگاری میلەتی دەکرد بۆبەئاگاهاتنەوەیان.

بۆیە لەشیعری( ئامۆژگاری بۆمیلەتدا ) دەڵێت

کوردە تاکەی بیَ خەبەری؟ نوستنت بیَ عارییە

واسیتەی دواکەوتنت ئەمڕۆکە بیَ کارییە

سەیری ئەم قەومانەکە چۆن بوون و ئێستا بوون بەچی

حەیفە بۆتۆ وائەسیری بویتە عەدوە جارییە............ ( دیوانی بێکەس.ل.١٤ )

هەروەها لەشیعرێکی ترا بەناوی ( ئەی کورد بەسیەتی )داوادەکات میلەت وازلە گریان و ناڵە بێنیَ , دەست بکاتە نواندنی غیرەت و مەچەك هەڵکات هەتاکو لەزیلەت و ستەم دەربازبیێت. دەڵێت:

ئەی کورد بەسیەتی تاکەی ئەم شیوەن و فوغانە

بیَ سودە ئۆف و ئامان لەم عەسرە بیَ ئیمانە

پاڕانەوەو کەساسی بێکەڵکە پارەناکات

( عەزم و سەبات و غیرەت پێویستە لەم زەمانە )

لەمێژووی کوردا شۆڕش گێڕترین شاعیر, فایەق بێکەسی نەمرە,کەلەماوەی ژیانیدا هەمیشە ڕووبەڕووی دۆژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردوستان وەستاوەتەوە.بێکەس سەرکردایەتی چەندین خۆپیشاندانی کردوەو برینداربووە و چەندین جار لەکونجی زیندان بەستراوەو ئازاروئەشکە نجەدراوە , گرتن و ئازارو تێهەڵدان باوەڕی پیَ لەق نەکردوە, شیعرە بەناوبانگەکەی لەزینداندا دەنوسیَ کەدەڵێت:

ئەی وەتەن مەفتونی تۆم شێوەتم بیرکەوتەوە

**وەختی بەندی وئەسارەت پێ بەتەوق و کۆتەوە**

**ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەزینداندا بووە کەچی هەستی نەتەوایەتی و خۆشویستنی ولأتەکەی لەبیرنەچۆتەوە**

**دیسان لەشیعری ( سەدەی بیستەمە ) ڕوو دەکاتە ڕۆڵەکانی میلەتەکەی و داوای یاخیبون و غیرەت و هیمەتیان لێدەکات :**

**سەدەی بیستەمە , کوردە غیرەتێ**

**لەخەو ڕا پەڕە هەوڵێ هیمەتێ**

**بەسیە نەزانی, عیلم و سەنعەتێ**

**سوکی هەتاکەی؟ ناوێ, حورمەتێ**

**هۆش و بیرت بێ پیاوی ژیرت بێ**

**لەجێی سەربەستی بۆچ زنجیرت بێ.........( دیوانی بێکەس.ل./٢٦ )**

**گومانی تێدانیە نیشتیمان پەروەرێکی بێ هاوتای سەردەمەکەی بووە کەزۆر لەخەمی خەڵك و نەتەوەکەیدا بوە, بەڕادەیەك لەکاتی ئازارو نەخۆشی و زیندان, بەلأدا هەر بیرێکی لای نیشتیمانەکەی بووە هەروەك خۆی دەڵێت : خەیالأتی شەو و ڕۆژم ژیانی میلەتی کوردە.**

**لەئەنجامی بێ سود بوونی ئەو هەموو ئامۆژگاریانەی بۆمیلەت و بەگوێ نەگرتنی بەشێوازێکی جیا ڕەخنەدەگرێ و دەڵێ :**

**﴿ گەر چی تائێستا وتوومە ! تێ بگەن زوو پێبگەن**

**بەو قسانەم قەتعییەن باوەڕ مەکەن سەگ بووم وەڕیم**

**خوێندەواری شێتیە , هەر جەهلە ئینسان سەرئەخا﴾ دیوانی بێکەس. ل/١٣٠ )**

شاعیرله پێناو کوردا ئازارو ئەشکه نجەو دەر بەدەری زۆری دیوه هەموو تاکێکی کورد شایەتی ئازایەتی و نەبەردی ئەم شاعیرەیه( نموونەی هەرەدیاری ئەم چاو نەترسیەی بێکەس, پارچه شیعری ( بیست و حەوت ساڵه ) یه: که لەئاهەنگی ماڵئاوایدا , کەلەساڵی ١٩٤٦ دا ( مەعرووف جیاوکی ) موتەسەڕیفی ئەوکاتەی سلێمانی بۆ ( ئەدمۆنس ) ی ڕاوێژ پێکراوی ئینگلیزی وەزارەتی ناوخۆی سازکردبوو ڕووبەڕووی ئەدمۆنس خۆی و بەرابەری سەدان کەس لەنوێنەرانی هەموو چینەکانی خەڵکی سلێمانی خوێندیەوه, لەکاتێکدا که ئەدمۆنس هەموو شتێ بوو لەعێراقاو , کەم کەس ئەی وێرا قسەی عادەتی لەڕوویابکات. )( مێژووی ئەدەبیایەتی کوردی: عەلائەدینی سوجادی.ل/٥١٦ )

## *ڕەخنەگرتن لەفیز و لەخۆباییوون

( بێکەس لەئامۆژگاری کۆمەڵگاو میلەتی کورد بۆکار کردن و دوورکەوتنەوه له( عەییه ) و لەخۆباییوون, کەهۆکارەکەشی بۆبوونی وشیاری ڕۆشنبیری میلەت دەگەڕێتەوه که فاکتەرێکی ترسناك و سەرەکیه بۆ دواکەوتنی کۆمەڵگاو وڵات. ) (( ئەرکی شیعر لەئەدەبی کوردیدا : نەسرین ڕەئوف .ل.١٦٩ ))

"( عەییه...عەییه.. )ئەی ڕەفیقان ماڵی خەڵك وێران ئەکا

پیاو ئەخاته سواڵ و سوکی پیاو سەرگەردان ئەکا

واسیتەی عیبه کەدائیم قەومی کورد بێ سەرووەتن

بێ مەعاریف , بێ سەنایع تووشی صەد دەردیان ئەکا

سەیر ئەکەی شەخسێکی مەئموور گەر وەزیفەی لێ بڕا

هیچی پێ ناکرێ لەبەر عەییب , ماڵی خۆی تاڵان ئەکا"....

وەك لەم پارچە شیعرەدا دەردەكەوێت شاعیر, عەیبە بەدەردێكی كوشندە دادەنێت چوونكە مرۆڤ گەر شەرمی كرد لەوەی كاربكات و بەئارەزووی خۆی نەجولاٌیەوە لەترسی زەمی خەڵكی نەوەكو خەڵكی گاڵتەی پێبكەن ,یان هەندێ ئیش و كاری ڕەتكردەوە لەترسی عیبە.كەئەمە دەرخەری دیاردەیەكی ناشرینی نێو كۆمەڵگەیە كەهەندێ كارو پیشە بەچاوێكی سوكەوە تەماشادەكەن لەكاتێكدا هەر كوردی میلەتی خۆمانە لەولاٌتان, خەریكی ئەو كارانەیە كەلەكۆمەڵگەی خۆماندا بەعیبە ناو دەبرێن بەلاٌم لەولاٌتانی تربەلایەوە ئاسایە ئەوكارانە بكات و بەڵكە بەئەستەمیش كارێكی لەو شێوەییەی دەست دەكەوێت.

لەدرێژەی شیعرەكەیدا دەڵێت:

" سەیری كە ئەم عەیبە عەیبە چەندە تەئسیری هەیە

كوردی كردۆتە موجاهیر ئیشی ناو شاران ئەكا

چونكە پێی عەیبە لەجێی خۆی ئیش بكا قەدری ئەبەن

بۆیە وائەڕواتە غوربەت تەركی كوردوستان ئەكا

بەسیەتی ئەم فكرە پیسە, غەفڵەت و نوستن بەسە

سەیری ئەقوامی غەرب كەن كەشفی ناو ئاسمان ئەكا" ( دیوانی بێكەس.ل/٥٦ )

فایەق بێكەس دەردێكی كوشندەی میلەتەكەمان دەردەخات , كەئەویش ئەوەیە كۆمەڵگەی كوردی و سایكۆلۆژیایی تاكی كورد وایە كەتاڕادەیەكی زۆر پارە پەرستن و ڕێز گرتنیان لەیەكتری بەگوێرەی سامان و بڕی ئەو پارەیەیە كەهەیانە واتە هەمووكات سەرمایەدارەكان بەچاوێكی ڕێزدارترەوە تەماشایان كراوە تاوەكو چینی هەژار كەگوێیان لێناگیرێ و لای كۆمەڵگە كەم بایەخن بێكەس دەڵێ( ( كە پارەت بوو هەموو عالەم براتەو پێت ئەڵێن كاكە ) )

هەرلەبارەفیزو لەخۆبایبوونەوە لە پارچەشیعری( فیزو لە خۆبایی بوون ) وە دەڵێت

عومرێكی توڕڕهاتە

بێ کەڵك و بێ ساباتە

ئاخری قەبری تەنگە

ئەوی کەلۆرت و لاتە

*********

دنیایەکی بەلاّیە

پڕدەردو پڕجەفایە

هانایە پێوە بایی

مەبن, بەخوا خەتایە

******

بۆ وا بەلار و لە نجە

ئەڕۆی بەنووکی پە نجە

تێ بفکرە لەژێر پێت

هەر گۆڕی پێی گە نجە.......( دیوانی بێکەس.ل.٧١/ )

هەروەك دەبینین شاعیر دنیا بەماوەیەکی کاتی وەسف دەکاو ڕوو دەکاتە کەسە لەخۆبایەکان هەتاوەکو, لەوەتێبگەن کەئەمڕیانە بۆهیچ کەسێ تاسەر دەوامی نەبووە و نابێت وە دەڵێت,( ئەمڕۆ دنیایەو سبەی مردنە, تێشوی هەردوو ڕێ چاکە کردنە ) بۆیە ئەوەی بەماڵی دنیاو سامان و دەسەلاّتی بنازێ ڕۆژێ دادێ هەر دەمرێ و جێی دێلێ,وە ئامۆژگاریان دەکات چەندین کەس لەگۆڕدان کەگەنج و جوان بوون بۆیە فیز لێدان کارێکی نەفامانەیەو ژیان بۆکەس تاوەکوسەر نەبووە.

# ئەنجام:

١__ كاریگەری ژینگەی دەورووبەر و ئەزموونەكانی ژیانی شاعیر ,بوونەتە فاكتەرێكی بەهێز لەخوڵقاندنی ئەو دەقەشیعریە جوانانە لەلای بێكەس,كەوای لەشاعیر كردوە نوسینی لەزۆربەی دیاردە ئاكاری و ئەخلاقیەكان هەبێت وەك ئەو نموونانەی باسكران.

٢_دەقە شیعریەكانی بێكەس بەجۆرێك كاریگەری لەسەر میلەتەكەمان هەبووە كە كەم كەس هەیە دەقە شیعریەكانی بێكەسی لەبەر نەبێت و نەیلێتەوە, كەئەمەش مانای نەمری دەقەشیعریەكانی ئەدا كەهەر لەسەردەمی خۆیەوە تاك و ئێستا تازەن و كۆن نابن.

٣_ لەگەڵئەوەی بێكەس چەندین جار لەسەر نیشتیمان پەروەری سزادراوەو خراوەتە زیندان و لێی دراوە لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بیروو باوەڕو هەستی نیشتیمانی لەشیعرەكانیدا خاڵی نابێتەوەو بەڵكو لەزینداندا شیعرە بەناو بانگەكەی ( ئەی وەتەن مەفتونی تۆم ) ئەنوسێت ئەمەش دەرخەری بەرزی هەستی نیشتیمانی بێكەسە لەو قۆناغەدا.

٤_بێكەس هەمووكات هاواری ئەوەی لەنیشتیمان كردوە كە بەرگی دووڕووی و دوو بەرەكی فرێدەن و یەكبگرن و وڵات لەدەستی بێگانە دەربهێنن و ئیدی لە پێناو مەرامی گرووپ و لایەنێكدا , ئاما نجێكی گەورە لەناومەبەن كەئەویش ئازادیە.

## ليستى سەرچاوەكان

*حەمە مەنتك ( ٢٠١٨ ) ميتۆدەكانى رخنەى ئەدەبى/چاپى يەكەم هەولێر

*حەميد عزيز( ٢٠١٤ )بنەڕەتەكانى فەلسەفەى كۆمەلأيەتى )

*نەسرين ڕەئووف ئيسماعيل ( ٢٠١٠ ) ئەركى شيعر لەئەدەبى كورديدا : سالأنى ١٩٢٠ _١٩٥٨

*نەوزاد ئەحمەد ئاسودە( ٢٠١١ ) فەرهەنگى زاراوەى ئەدەبى

*هێمن شەريف ( ٢٠١٠ ) سەرەتايەك بۆكۆمەڵناسى

* ڕێبين خەليل قادر( ٢٠١١ ) ميتۆدى ڕەخنەى كۆمەلأيەتى لەليكۆڵينەوەى ئەدەبدا

*گۆران و هەندێ ڕوانگەى ڕەخنەى سەبارەت بەكۆمەڵگە( تويژينەوەيەكە )

*مەڵپەرى كلتور/ ئينتەرنێت

*قومرى سەعيد عەزيز/ نامەى دكتۆرا

*مێژووى ئەدەبييەتى كوردى ( عەلائەدين سوجادى )

* ڕۆڤار ٣٥/ بێكەس پياوێك لەڕەنگى نيشتيمان( بلأوكراوەيەكى ڕۆشنبيرييە

*تەوەرە سەرەکییەکانی شیعری زیندان/ پەخشان سابیر زانکۆی سۆران( لێکۆڵینەوەیەکی بەراورد کارییە )

*میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پڕاکتیزەکردنی لە شیعرەکانی هێمندا/ ( سەردار فایق مەجید )( عیماد شوکر مەحموود ) ( توێژینەوەیەکە )

* دیوانی فایەق بێکەس ( ڕێکخستنی ئومێد ئاشنا/ ١٩٩٩( دەزگای چاپی سەردەم )

بورهان قانیع( دیوانی قانع شاعیری چەوساوەکانی کورد/ چ ٢ )

*بنەماو میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی ( ٢٠١٨ ) ( د. نصرالله امامی )

* ڕەخنەی ئەدەبی چەمك و پێناسە, مێژوو, میتۆد( د. لوقمان ڕەئوف( ٢٠١٧ )

*سەردار فایەق مجید ( ٢٠١٩ )بزووتنەوەی ڕووناکبیری لەئەدەبی کوردیدا
بە نموونەی( ئەسیری و ئەحمەد موختار )نامەی دکتۆرا.

*چەمکی ئافرەت و پەیوەندیەکانی بەنەریتە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانەوە لەشیعری بێکەسدا ( فازیل مەجید مەحمود )( توێژینوەیەکە )

* مێژووی پۆلی ١٢

*شلتان عبود شراد ( ١٩٨٨ )مدخل الی النقد الادبی الحدیث

*كردستان وحركة القومية الكردية, جلال طالباني , طبعةثانية, درالطلعية بيروت ١٩٧١

*نقد الاجتماعي عند "ابن خلدون"